IB - SAIWANI

IB-Saiwani Beratender Ingenier

Dr. – Ing. Asso Saiwani
Nordhauser Str. 19, 10589 Berlin

Statik Planung Bauleitung Gutachten

## ڕێکخستنی زەویوزار بە مەبەستی پلاندانان Reorganisation of Land Areas

لەژێر زاراوەی ڕیکخستنی زەویوزار دا، لەیەکدان و ڕێکخستنی سنووری زەویەکان دەرئەکەوێت، بۆ ئەوەی بکرێن بە یەکەیەکی سەرەکی.
بۆ بەڕێوەبردن و گەشەسەندنی بیناسازی، شارەوانیەکان بە پیی یاسا مافیان هەیە، زەویوزاری هاووڵاتیان بکەن بە موڵکی خۆیان و لەیەکی بدەن و بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و لە هاووڵاتیانی بکڕنەوە.

بە پێی 47§ی یاسای ژمارە 165/1964 شارەوانیەکان ئەتوانن زەویوزاری هاووڵاتیان زەوت بکەن و بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاری بهێنن. ئەو بەرژەوەندیانەش بۆ نموونە خۆی لە ڕێگای هاتووچۆ و دروستکردنی پارک و شوێنی حەسانەوەی گەشتیاران و خزمەتگووزاریە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان و شتی تردا، ئەبینێتەوە.

لە ساڵانی 1930 دا سیستمی تاپۆ لە وولاتدا هاتە کایەوە، کە مافی ئەدا بە هاووڵاتیان، زەویوزار و خانووەکانیان لەسەر خۆیان بۆ تاپۆ بکرێت، ئەگەر بتوانن موڵکداریەکانیان بسەلمێنن.
لە ساڵانی پەنجاکاندا زەویوزارێکی زۆر بە بێ پلاندانانی شارەکان بەسەر هاووڵاتیاندا دابەشکرا و ئەوانیش بۆ سوودی تایبەتی خۆیان بەکاریان هێنان.

لە ساڵانی 1970 دا دوای دەرچوونی یاسای اصلاحی زەراعی ژمارە 80/1970 توانرا زەویوزارێکی زۆر، کە موڵکی حکومەت بوون و ئەکەوتنە سنووری شارەوانیەکانەوە، لەسەر شارەوانیەکان خۆیان تاپۆ بکرێن و بکرێن بە ناویانەوە.
بەم هۆیەوە پلانی گەشەسەندن و ڕێکخستنی زەویوزار بۆ یەکەمجار لە ووڵات دا داڕێژرا.

## لەیەکدانی زەویوزار Reallocation of Land Areas

کە ناوچەیەک دروستکردنی بینای تیادا ئەنجام ئەدرێت، ئەبێت لە پێشدا خزمەتگووزاریەکانی بۆ دابین بکریت، ئەگینا زەوییەکان گەورەیی گوونجاویان نابێت بە پێی پلانی ئەساسی و یاساکانی بیناسازی.
لەیەکدانی زەویوزار مافێکی یاساییە، کە ئامانجەکەی ئەوەیە، کە زەویوزار لەو ناوچانەدا، کە پلانی ئەساسی و تەفصیلی یان بۆ داڕێژراوە، بۆ دابینکردنی خزمەتگووزارییەکانی ناوچەکە لە هاتووچۆ و ڕێگاوبان بۆ نموونە، بەشێوەیەک دابڕێژرێنەوە، کە پارچە زەوی تازەیان لێپێکبهێنرێن بەشێوەیەکی گوونجاو لە ڕووبەر و شوێن و شێوازیاندا. زەوییەکانیش ئەشیت تەنها زەوی ڕووت بن یان خانوو بینایان لەسەر دروست کرابێت.

بەندەکانی 47§ی یاسای ژمارە 165/1965 سەبارەت بە ڕێکخستنی سنووری زەوی و لەیەکدانی زەویەکان سوودبەخشن، بەڵام ئەبێت شێوازی گوونجاوتریان بۆ دابڕێژرێت. بە پێی ئەم پەڕەگرافە و بەندەکانی ئەتوانرێت زەویەکان لەیەک بدرێن، بێ چاوخشاندنەوە بە گەورەیی ڕووبەرەکانیاندا، بە مەرجێک ڕووبەرەکانیان لە زۆنی 1 دا لە 100 م$^{2}$ و لە زۆنی 2 دا لە 200 م$^{2}$ کەمتر نەبن.

بۆ ڕێکخستنی زەوی لەو ناوچانەدا، کە پلانی دروستکردن تیایاندا لە لایەن شارەوانیەوە داڕێژراوە، ئەتوانرێت پارچە زەوی تەنیشت یەک لەیەک بدرێن یان لەگەڵ یەکتریدا بگۆبە مەرجێک زەوییەکان خانوویان لەسەر دروست نەکرابێت و ڕەزامەندی خاوەنەکانیانی لەسەر بێت.

لەیەکدانی زەویوزار لەو ناوچانەی کە لەژێر دەستەڵاتی شارەوانیەکاندان، تەنها لەژێر لێپرسیارێتی شارەوانیەکاندا جێبەجێ ئەکرێن و بە بڕیار دەرئەچن و شوێنەکانیان دەستنیشان ئەکرێن.
بۆ ئەم زەویە لێکدراوانە شارەوانی نەخشەیان بۆ ئەکێشێت و داڕشتنیان بۆ ئەکات و بڕیارەکەش بۆ هاووڵاتیان ئاشکرا ئەکات و زەویەکانیش بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکارئەهێنێت.

بەم شێوەیە چەندەها ناوچەی پیسەسازی و پارک و قەبرسان لە شارەکانی باکووری عێراقدا هاتوونەتە دروست بوون و بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان بەکارئەهێنرێن.

IB-Saiwani Nordhauser Str. 19 10 589 Berlin Tel.: 030/52689171 Fax: 030/52689173 E-mail: info@saiwani.de